


# سەبارەت بە ساتیر

**سەلام عەبدوڵڵا**



ساتیر لە زماندا واتای تانەلێدان دەگرێتەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا واتای چەقۆی جەڕاحیی دەگەیەنی. بە زمانی ئینگلیزی پێی دەگوترێ (ساتیر)، لە لاتینیشدا پێی گوتراوە (ساتیرا)، کە ئەویش لە (ساتیرۆس)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە و مەبەست لێی (قاپێک میوەی جۆراوجۆر) بووە کە ئەو سەردەمە پێشکەش بە (خوای کشتوکاڵ) کراوە. ساتیر جۆرە ژانرێکی ئەدەبییە و لە زمانی فارسیدا پێی دەگوترێت (طنز) و لە کوردیدا (تیز) و لە عەرەبیشدا (هەجوو)ـە، بەڵام (هەجوو)ی عەرەبی لە جێی خۆیدا نییە، چونکە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان (هەجوو) و (ساتیر)دا هەیە، کە یەکەمیان مەبەست لێی شکاندن و تێکشکاندن و سووککردنی بەرانبەرە، بەڵام ساتیر بە زمانێکی شیرین و ڕەخنەئامێز و بەرز، کەموکوڕییەکانی کۆمەڵ نیشان دەدات و مەبەست لێی شکاندن و کەم بایەخ کردنی بەرانبەر نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بۆ چارەسەر و باشترکردنی کۆمەڵە، چ لە ڕووی سیاسییەوە، یان چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی، تەنانەت لە ڕووی فەلسەفیشەوە بێت، ئەمەش بەشێوەیەکی خەندەئامێز پێشکەشی خوێنەری دەکات کە هەندێ جار وەک دەڵێن (دەتخاتە گریان بە قاقاوە)، یان (پێکەنین بە ئاخ و ئۆفەوە).

ساتیر (کاریکاتێرە بە وشە).

مێژووی ساتیر- ئەگەرچی وەک ئەمڕۆش نەبووە، بەڵام مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، یۆنانییە کۆنەکان و میسرییە کۆنەکانیش ئەم شێوازەیان بۆ دەربڕین بەکارهێناوە. لە زمانی عەرەبیدا- وەک گوتم- ساتیر بەشێوازی (هەجوو) بووە و عەرەب لەم بوارەدا دەستێکی باڵایان هەبووە، بەڵام لەم دواییەدا ئەوانیش ساتیرنووسی بەناوبانگیان تێدا هەڵکەوت و ئێستا لای ئەوانیش ساتیر و هەجوو لە یەکتر جیا دەکرێنەوە، فارسەکانیش لەمەوپێش هەر وشەی (هەجوو)یان بۆ ساتیر بەکاردەهێنا، بەڵام لەم دواییانەدا وشەی (طنز)یان بەکاردەهێنا و نووسەری دیاریان لەم بوارەدا تێدا هەڵکەوت. تورکەکان تا ئێستاش وشەی (هەجیڤ) بەکاردەهێنن کە هەمان (هەجوو)ی عەرەبییە و لەوانیان وەرگرتووە و نووسەری تەنزنووسی ناوداری وەک (عەزیز نەسین)یان لەو بوارەدا تێدا هەڵکەوتووە.

بەنیسبەت خۆمانەوە لەسەرەتادا ئەم ژانرە ئەدەبییە هەروەک (هەجوو) بەکارهاتووە و شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی نموونەی بەرچاون، بەڵام دواتر کوردیش لەم بوارەدا ئەسپی خۆی تێدا تاو دا و ئەم ژانرە لە نووسینەکانی (حەسەن قزڵجی) لە (پێکەنینی گەدا) دا و لەلای (ئەحمەد موختار بەگی جاف) لە (مەسەلەی ویژدان) دا، هەروەها لە هەندێ لە شیعرەکانی مام هەژاردا ڕەنگی دایەوە. لەدوای نەوەدەکانیشەوە لەهەرێمی کوردستان چەند تەنزنووسێک هەڵکەوتن کە نووسین و شیعرەکانیان تەنزئامێزن، وەک (حەمە سەعید حەسەن) و (برایمی مام ئاغا) و (شێرکۆ عەبدوڵڵا) و بەندە دێنە بەرچاو.

بە نیسبەت ئەورووپا و ئەمریکاشەوە ئەم نووسەرانە دێنە پێش چاو، وەک (مۆلێر) لە فەڕەنسا، (ئەپسن) لە نەرویژ، (بێرنادشۆ) لە بەریتانیا، (مارک توین) لە ئەمریکا و (داریۆ فۆ) لە ئیتاڵیا.